Klawrojna

کتێبی گیرفان



# نهێنییەکانی سندووقە ڕەشەکە

نووسینی: غەسان شەربل
ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی




هەولێر - ٢٠٠٩

چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان - هەولێر
www.kurdchap.com

# نهێنییەکانی سندووقە رەشەکە

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی  و چاپ و بڵاوکردنەوە
نای کتێب: نهێنییەکانی سندووقە ڕەشەکە
زنجیرەی کتێب: 37
نووسینی: غەسان شەربل
ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی
چاپی یەکەم
نەخشەسازی ناوەڕۆک: ئاری ئەحمەد
تایپ: ئامادەکار
چاپ: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری _ هەولێر
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 1000 دینار
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان_ ژمارە سپاردنی (2390) ساڵی (2009) پێدراوە.

*مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و خاوەنی کتێبەکە.
*ئەو کتێبەو کتێبەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەسەر ئەو سایتە بخوێنەوە.

www.kurdchap.com

# نهێنییەکانی سندووقە ڕەشەکە

ئامادەکردنی:

شێرزاد هەینی

ستۆکهۆلم 2009

لەکتێبێکی ژوورنالیستی (ئەلحەیات)، (غەسان ئەلشەربل) ئامادەکراوە. لە مانگی ئۆگستی ساڵی 2008 بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی (ئەلقەبەس)ی کوێتی بڵاوکراوەتەوە.

پێش ئەوەی (ئوسامە بن لادن) ببێتە کەسی داواکراوی یەکەم لە جیهان، ناو هەر ناوی (کارلۆس) بوو، ناوی ئەو کەسە بە رووداوو کوشتنی کەسانی زۆرو کاری تیرۆریستی بەجیهان ئاشنا بوو، لە چالاکییەکەی بروسک ئاسای (ئۆپک)ی ناسراو، لەوێ کە لەکۆتایی مانگی دیسەمبەری ساڵی1975 چەند وەزیرێکی وڵاتانی بەرهەمهێنەری پترۆڵیان دەستەبەسەر کردبوو.

(کارلۆس) ناوی تەواوی (ئالیتش رامیرز سانشیز)بوو، رەگەزنامەی فنزویلی هەبوو، بەڵام ئینتمای نێونەتەوەیی بوو، کەسێکی هەڵگری هزری مارکسی بوو، ئێستا بەموسڵمانی لە زیندانێکی فەرەنسادایە. سەرەتای ناسین و کارکردنەکانی دەگەڕێتەوە ئەو رۆژانەی کە وەک ئەستێرەیەک لە فەلەکی (وەدیع ئەلحەداد)ی ناسراو بە (ئەبو هانی)، کەیەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی بزاڤی نەتەوەپەرستەکانی عەرەب و هاوڕێ (جۆرج حەبەش)، کە لەدامەزراندنی بزاڤەکەو لەناو بەرەی میللی بۆ

لەجیهانی (وەدیع ئەلحەداد)دا چەندین تەونی نهێنی و بەرنامەی بەپلان و وریا دەبینرا، لەبەرئەوەی شوێنی رووداوەکان دوورە دەست بوون، بۆیە کە ناوەرۆک و تەونی پلانەکان باسکرا زۆریان کەماسییان

لەو چەند لاپەڕەیەدا بەرهەمێکی ژوورنالیست (غەسان شەربل)ی سەرنووسەری رۆژنامەی (ئەلحەیات) کە کتێبێکی بە ناوی (نهێنییەکانی سندووقە رەشەکە) چاپکردووەو رۆژنامەی (ئەلقەبەس)ی کوێتی چەند بەشێکی بڵاوکردۆتەوە، کە نووسەرەکەی کۆشش و ئەرکی زۆری کێشاوە بۆ تەواوکردنی ئەو ئەرکە مەزنە، کە چەند ساڵی خایاندووەو لەشێوەیەکی پانۆڕامایەک بابەتەکە بە جیهان بڵاودەبێتەوە، رووداوەکان و رۆژانەکان وەک خۆی نووسراوەتەوە، پاڵەوانەکان و دەستەکان پاش ماوەیەکی زۆر ئەو نهێنیانەیان پاراستووە. هەموو شتەکانیان ئاشکرادەبن و زەمانی ئەوان کۆتایی دێت و کەشتییەکە دەڕوات، بەڵام کەشتیوانەکان و کەسەکان گۆڕاون، هەمووش ئیمڕۆ بە رێبەری (ئوسامە بن لادن) رێ دەکەن. ئەو کەسانەی (شەربل) بەقسەی هێناون، ئەوەی پرسیاری راستەوخۆی لێکردوون، نەوە لە دوای نەوە نما دەکەن،

کتێبەکە چەند بەشە، پاڵەوانەکە بە هەڤپەیڤینەکە خۆی دەناسێنێت، باش و ئاشکرا کەسایەتی (وەدیع ئەلحەداد) دەدۆزێتەوە، ئەوەی ماوەیەکی زۆر تەنها وێنە رەسمییەکەی دەناسراو دەبینرا، کە جەمەدانی و عەگالی فەلەستینی دەپۆشی، بەوەش باشتر کەسایەتی (کارلۆس) ناس دەکەین، بەروونی و راستەوخۆ لەرووداوەکەی ئۆپک دەدوێت، ئەوەی نووسراوە دەستی خۆیشی تێدایە کە رووداوەکان دەگێڕێتەوە. لەو دیمانەیەدا باش (ئەلنەقاش) ناسدەکەین، ئەوەی بەوە ناسرا کە کۆششی کوشتنی (شاهپور بەختیار)ی کردبوو، کە کەسی دووەمیش بوو لە رووداوەکەی ڤیینا، لەگەڵ ئەو دوو ناوەش کەسانی تریش ناس دەکەین، ناوی ترمان بۆ روون دەبێتەوە، ناوەکانیان دوو ئەوەندەی ژمارەکانیانە، چونکە زۆربەیان ناوو

که مەبەست لەو کارەمان کوشتنی وەزیری پترۆڵی شانشینی سعودی (ئەحمەد زەکی ئەلیەمانی)و وەزیری پترۆڵی ئێرانی (جەمشید ئاموزگار)بوو. بەڵام بەبۆچوونی (کارلۆس) مەبەست لەو کارەیان، کە بەدەستخەتی خۆی نووسیویەتی، ئەوان مەبەستی تریان هەبووە، ئەو دەڵێ: پێشەوای لیبی (معەمەر ئەلقەزافی) عەقلی داهێنەری رووداوەکەبوو، نەخشەسازی یەکەمی رووداوەکەش ( ئەلنەقاش) بوو، مەبەستی سەرەکیمان پارە وەرگرتن بوو، (کارلۆس) نکۆلی لەو مەبەستەو لەو بەرنامەیە ناکات، کە دەوڵەتەکان بڕیاربوو پارە بدەنە فەلەستینییەکان، بەڵام لەبەرئەوەی هیچیان دەستنەکەوتبوو، رووداوەکە بە نسکۆیەک ناودەبات، (کارلۆس) بەو شێوەیە رووداوەکە دەگێڕێتەوە.

****

(کارلۆس) لە نامەیەکی درێژدا کە لەزیندانا کە بەدەستی ژنە پارێزەرەکەی ناردوویەتی، نامەکەش بەدەستخەتی خۆیەتی، بەو شێوەیە باسی چالاکییەکە دەکات. بەقسەی ئەو ئەوەیان راستی چالاکییەکەی ڤیینایەو راستییەکە وا قەومابوو، بۆیەش (کارلۆس) ئەو نامەیەی رەوانەی دەرەوە کردبوو، چونکە (ئەلنەقاش) کە باسی چالاکییەکەی کردبوو، ئەوی تووڕەکردبوو،کە دەگەینە سەر بابەتی گێڕانەوەکەی (ئەلنەقاش) دەبینیین هەردووکیان یەک رووداو بە دوو سەربردە دەگێڕنەوەو جیاوازییان هەیە، بەڵام لەزۆر وردەکاری جیاوازییان هەیە، کە یەکێک لە یاریدەرەکانی (وەدیع ئەلحەداد)یش رووداوەکە دەگێڕێتەوە هەست بەجیاوازی دەکرێت، بەڵام گێڕانەوەکەی (کارلۆس) زۆرتر جێگەی باوەڕو متمانەیە، چونکە ئەو خۆی پاڵەوانی راستی چالاکییەکەیە، وا لە خوارەوە وردەکارییەکانی دەنووسینەوە.

## بارەگای ئۆپک ڤیینا

لە 21 ی دیسەمبەری ساڵی 1975من پاڵەوانی یەکەمی بەرگری فەلەستین بووم، کە ئاستێکی نێونەتەوەیی شکۆدارم بەدەستهێناوەو لە سەرانسەری جیهاندا ناسرام، من لەیەکەم ساتی بەرنامەکە بەشداربووم، لەهەموو قۆناخەکان لەگەڵدا بووم، تا کارەکە ئەنجامدرا من هاوڕێیان بووم، من لە سازکردن و لە جێبەجێکردن و لە پاش تەواوبوونیشی ئاگادارو بەشدارم، چ لەسەر ئاستی ئەمنی یان لۆجیستی یان سیاسیەکەی، من نەخشەسازو سەرکردە سەربازییەکەی بووم، بۆیەش حەقی رەوای خۆمە بەدروستی وردەکارییەکەی رووداوەکە وەک خۆی بگێڕمەوە.

هزری نەخشەسازییەکە: سەرهەنگ ئەلقەزافی بوو.

رێکخەری ستراتیژییەکە: کەمال خیربگ بوو.
سازکار: دکتۆر وەدیع ئەلحەداد بوو.
نەخشەساز: ئالیش رامیریز سانشیز بوو.
رێکخەری دەرەوە: ویلفرید بۆز بوو.
رێکخەری عەرەبی: ئەلنەقاش بوو.

## کەمال خیربگ

(کەمال خیربگ)ی کۆچکردوو کەسێکی سەر بەمەزهەبی عەلەوی بوو، لەدەڤەری (ئەلقەرداحە) لە دایکببوو، لەنزیک بنەماڵەی (وەحش) دەژیا، کە پاشان ئەوانە بە بنەماڵەی (ئەلئەسد) ناسران، لەسەر یەک تەختەی مەکتەب لەگەڵ (رەفعەت ئەلئەسەد) خوێندیەتی، کە (عەدەنان سوریا) لەساڵی 1955 لەناو یاریگای وەرزشی لە دمشق کوژرا، (خیربگ) سزای لەسێدارەدانی بۆ بڕاوەتەوە. چالاکییەکەی ئۆپک لەگەڵ (کەمال خیربگ) دەستی پێکردووە، ئەو ئەندامی ئەنجومەنی باڵای حزبی سوری نەتەوەیی کۆمەڵایەتی بوو، لەگەڵ کۆچکردوو (فواد ئەلشمالی)و (فواد عەوەز)و (عەلی حەسەن سەلامە) بەیارمەتی و کۆمەکی

**دیمانە لەگەڵ ئەلقەزافی**

سەرکردەی شۆرشی لیبی برامان (ئەلقەزافی) لەکۆتایی مانگی ئوکتۆبەری ساڵی 1975 لە (تەڕابلس) چاوی بە (کەمال خیربگ) کەوتبوو، لەوێ پێشنیاری بۆ کردبوو، یان بە مانایەکی تر پرسیاری کردبوو، دەکرێ لە رۆژی 20 دیسەمبەر چالاکی (ئۆپک) ئەنجام بدەن، لەوێ ئەو ئامادەیی نیشاندابوو کە هەموو پێویستییەکان و زانیارییەکان و چەکەکانیان بۆ دابین دەکات، (کەمال خیربگ) وەڵامی سەرهەنگ (ئەلقەزافی) داوەتەوەو وتبووی:

موستەحیلە، ناکرێ ئێمە کاتی پێویستمان لەبەردەست نییە، ئەوەیان تەنها بە (کارلۆس) دەکرێت، ئەو دەتوانی لەو ماوە کورتەدا ئەو کارە ئەنجام بدات، ئەوە ئیشی ئەوە.

مەبەست لەنیازی سەرۆک (ئەلقەزافی)یش ئەوەبوو کەوا شانشینی سعودی ناچار بکات، نرخی پترۆڵ بۆ نزمترین نرخ و ئاست دابەزێنێت. لەو سەردانەدا (کەمال خیربگ) لە (تەڕابلس)ی خۆرئاوا چاوی بە سەرۆک ئەرکان لیوا (ئەبوبەکر یونس جابر)و (رەمەزان) بەرپرسی پەیوەندییەکانی نێونەتەوەیی لە حزبی یەکێتی ئیشتراکی عەرەبی لیبی (حزبی دەسەڵاتداری تاقانەی وڵات) کەوتبوو، کە بەرپرسیەتی جێبەجێکردنی چالاکییەکەی درایە ئەستۆ، بۆ مەساریفی دەرەوەیان ئەو 30 هەزار دۆلاری پێدابوون، هەروەها مەساریفی سەردانی عەدەنی پایتەختی کۆماری یەمەنی دیموکراسیشی دابوو، ئەوەی پاشان لەگەڵ یەمەنی باکوور یەکیانگرتەوە. (کەمال خیربگ) لەسەرەتای مانگی نۆڤمبەر سەردانی (خور مکسر)ی لە عەدەن کردبوو، پاش گەیشتنی یەکسەر بەیەکەوە دانیشتین، من رەزامەندی خۆمانم پێڕاگەیاندن، بەڵام من مەرجی ئەوەم هەبوو کە پێشەوامان (وەدیع ئەلحەداد- ئەبو هانی) بیرۆکەکە پەسند بکات، کە پاشان وتبووی:

ئەوانە مەسەلەکەیان بەجدی نییە. ئەو پرسیبووی، دەکرێ ئەو کارە لەو ماوەیەدا ئەنجام بدرێت، ئەو نەخشەیەت پێ جێبەجێ دەکرێت، ئەگەر لەگەڵ (ویلفرید بۆز) قسە بکەن، وەڵامم دایەوە، (بێگومان)، ئەگەر هەر ئێستا دەست بەکاربین.

رەزامەندی (ئەلحەداد)

ئەبو هانی (وەدیع ئەلحەداد) لە وەڵامدا وتبووی:

ئەگەر لیبیەکان زانیاری و چەکمان بۆ دابین بکەن داواکە ئاساییە، رازییش نەبوو باسی مەسرەفی چالاکییەکە بکات، نەوەک دەست بە فرتوفێڵ بکەن، پارە وەرگرتنەکەی خستبووە ئەستۆی (بەرەی میللی رزگاری فەڵەستین)، لەودەمەدا (ئەبو هانی) منی سەرپشککرد لە مەراسیمی جێبەجێکردنی وردەکاری چالاکییەکە، نامەیەکی بۆم بۆ (ئەبو محەمەد) بەرپرسی ئیداری چالاکییەکانی دەرەوە لە (بەرەی میللی)و ئەندامی لیژنەی مەرکزی لە بەیروت نووسی.

دابەشکردنی بەرنامەی چالاکییەکە:

کۆماندۆییەکانم دابەشکردە سەر سێ تیمی دووکەسی:

(کارلۆس)ی سەرکردە:

بە رەشاشێکی بیریتا لەگەڵ دەمانچەیەکی جۆری براوننگی زۆر خێرا (HP) لەگەڵ دوو نارنجۆکی دەست.

ئەلنەقاش ، سەرکردەی دووەمی کارەکە:

بە دوو دەمانچەی جۆری براوننگ (HP)و دوو نارنجۆکی دەستی.

نەدا:

بە دەمانچەیەکی جۆری تۆکاریف لەگەل نارنجۆکێکی دەستی.

یوسف:

بە دەمانچەیەکی جۆری تۆکاریف لەگەڵ نارنجۆکێکی دەستی و بڕێک تەقەمەنی و کەرەستەی تەقاندنەوە.

کلین:

به دەمانچەیەکی جۆری براوننگ (HP) لەگەڵ دەمانچەیەکی جۆری سمیث هاند ویسون و دوو نارنجۆکی دەستی.

جۆزیف:

به رەشاشێکی جۆری بیریتا لەگەڵ دەمانچەیەکی جۆری براوننگ (HP)و دوو نارنجۆکی دەستی.

ئەو نارنجۆکانەمان بۆ بەرگری هەڵگرتبوو، دەمانچەکانیش دروستکراوی رووسی بوون. بۆ یارمەتیدان و هاوکارییمان و کار ئاسانییە لۆجستیەکان لە ڤیینا 16 کەسی گیانفیدای رەگەزنامەی بێگانەمان بەسەرپەرشتی ویلفرید بوز لەگەڵدابوو، هەموو پێویستیەکانمان بەیارمەتی لیبیەکان بۆ دابینکرا، لەو ماوەیەدا بە هیچ جۆرێ باسی پارە نەکرا، چەک و تەقەمەنی 12 کەسی شەڕکەرمان دانا، بەرنامەی هێرشەکەو کشانەوەمان بەناو خاکی چیکۆسلافاکیا دارِشت. تا رۆژی دوایی چاودێری نیشانەکەمان بە وردی و بەباشی دەکرد، توانیمان (منیش یەکێک بووم لەناو دەستەکە) چەندجار بچینە ناو بارەگای ئۆپک،

## هێرشەکە

من یەکەم کەس بووم چوومە ناو باڵەخانەکە، ئەندامانی تر دەستەکان یەک یەک لەدوای من هاتنە ژوورەەوە، خۆمان وا نیشاندا ئێمە ژوورنالیستین، بەزمانی ئینگلیزی قسەمان دەکرد، بە پەیژەکان بەسەر نهۆمی یەکەم سەرکەوتین، لەبەر رێنمانی (ئەلنەقاش) دەستمان بە هێرشەکە کرد، سەرەتا من دەستمان بەسەر هەموو کارمەندانی ناو دەستەی پێشوازی باڵەخانەکە داگرت، لەجیاتی ئەوەی (ئەلنەقاش) چاوەروانی من بکات، دەستە چەپ رۆیشت لەکۆتایی سالۆنەکە گەیشتینە ناو سالۆنی کۆنگرەکان، لەناو هۆڵەکە دەستڕێژی کرایە سەر ئەو، من گەیشتمە سەری و دەستم کردە تەقەکردن، لەو تەقانەدا کاپتن (یوسف ئازمەرلی) یاریدەری وەزیر لیبی کوژرا، مفەوزێکی کوێتی گوللەیەک بە قۆڵی کەوت، کە پۆلیسێکی نەمساوی و فەرمانبەرێکی باڵەخانەکە

## کوشتنی ئەفسەرێکی عێراقی

(عەلا حەسەن) ئەفسەرێکی عێراقی بوو، باڵای سی سانتیمەترێک لە (نەدا) بەرزتربوو، بە برینداری لە پشترا ویستی (نەدا) چەک بکات، توند (نەدا)ی گرتبوو، کلاین کە تەقەی لە ئامێرەکانی گەیاندنی ناو باڵەخانەکە دەکرد، گوللەیەکی لە سەماعەی گوێی فەرمانبەرێکی دەستەی تۆڕی گەیاندنەکە دا، کە ئاوڕی دایەوە یەک گوللەی لە تەختی نیوچەوانی ئەفسەرە عێراقییەکەدا،

**دابەشکردنی وەزیرەکان**

میوانەکانی ناو کۆبوونەوەکە بەو شێوەیە دابەشکرابوون:

دەستەی یەکەم برادەرەکانمان بوون، کە بریتی بوون، لە عێراقی و جزائیری و لیبی و کوێتییەکان.

دەستەی دووەمیش دوژمن و نەیارەکانمان، ئەوانیش سعودی و ئیمارتی و قەتەرییەکان بوون.

دەستەی سێیەمیش بێلایەنەکان، ئەوانیش ئەندونیسی و نایجیری و گابۆن و ئوکوادۆر و فەنزویلییەکان بوون.

دەستەی چوارەمیش کارمەندانی باڵەخانەکە بوون.

****

لەگەڵ 11 وەزیرەکە کۆبوومەوە، هەردوو وەزیری قەتەرو ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو شەوی پێشتر پاش گەمارۆکەی سعودییە دەرچووبوون، دووجار لەگەڵ (شێخ ئەلیەمانی) لە نووسینگەی ئەمنی عام دیمانەمان بوو، پرسیاری گرنگ و پەیوەست بە خۆمانم لێکرد، ئەو زۆر بەڕەوانی وەڵامی دەدامەوە، بەڵام وەڵامەکانی زۆر کورت بوون، ویستی بەپارەو بەبەرتیل رازییم بکات، من بە (تایع عەبدولکەریم)م وت، سەرۆکی ئێمە (ئەبو هانی)یە. وەزیری نایجیری دکتۆربوو تیماری پێویستی بۆ کلاین ئەنجامدا، ئامۆژگاری کردین، دەبێ ئەو زوو بگاتە نەخۆشخانە،

دڵخۆشی ئەلکازمی

وەزیری کویتی عەبدولموتوڵیب ئەلکازمی خۆشحاڵی خۆی نیشاندابوو، من ئەو و هەردوو وەزیری ئەندونیسی و ئەکوادۆری (هەردووکیان کۆنە ژەنەراڵ بوون و دژایەتی شیوعیەتیشیان کردبوو) بە شۆڕشگێڕم دەزانین، ئەگەرچی روویان خۆشیش نەبوو، بەڵام دڵم بەوان دەکرایەوە، وەزیری گابۆنی زۆر رووی خۆش بوو، زۆر لایەنگیری مەسەلەی فەڵەستینیش بوو، بەناوی سەرۆک (عمر بانگۆ) داوەتی وڵاتەکەی ئاراستەکردم، بۆ پشوودان لەگەڵ سێ کەسە فنزویلاییەکە کاتم بەسەردەبرد، کە لەترسان هەناویان کەوتبووە خوارەوە، سێ کەسە نمایندەکەی سەر بە وڵاتانی قەتەرو ئیمارات لەبەر وەزیرەکانیان لەوێ نەبوو حاڵیان پەریشان بوو، لەکۆتایی داوای وەزیری

## زەلیلی وەزیرێک

مێزێکم لەتەنیشت یوسف دانابوو، لەمێزەکە نزیک بوومەوە، ئەو هاتە تەنیشتم، کە هات وایدەزانی بۆ بەردەم پەتی سێدارەی دەبەن، دەستم بۆی درێژکرد، هەردوو دەستی بۆ دەستم هێنا، ویستی دەستم ماچ بکات، من هەستم بەشەرمەزاری کرد، زوو دەستم کێشایەوە، بەبێ دەنگی فەرمانم پێکرد بگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی، ئەو لە سەد کەسە دیلەکە، تاکە کەس بوو خۆی لەپێش من زەلیلکرد، راوێژکار (برونۆ کرایسکی) بە سەرۆکی هەموو وەفدەکانی راگەیاند کە نامەی دەستخەت بنووسن، داواکاربن لەسەر داوای خۆیان بۆ شوێنیکی تر بڕۆین و ئەو شوێنە چۆڵ بکەین، هەموویان رازی بوون تەنها وەفدی ئیمارات و قەتەر نەبێت کە زۆر ترسابوون، بۆیە هیچیان بۆ نەدەکرا، کە من (ئەلشیخ ئەلیەمانی)م هاندا ئەوانیش بۆ داواکەی بەرێز راوێژکار کەوتنە جوولە، کە

## سەربردەی پارەدانەکە

(کەمال خیربگ) بیری لە وەرگرتنی پارە بەرامبەر ئازادکردنی دیلەکان کردەوە، بەڵام (ئەبو هانی) بە هیچ شێوەیەک رازی نەبوو لەسەر وەرگرتنی پارە دانوستان بکات، بواری نەدا لەو چالاکییە پارە وەرگرتن بێتە ئاراوە، بەوەش چالاکییەکە ناکەوێتە مەترسی، رێکەوتین لەسەرئەوەی پاشان وڵاتانی پەیوەندیدار بە دیلەکان پارەکان بدەن، ئەوەشیان پاشان هاتە واری جێبەجێکردن، جێگری شانشینی سعودی

## له لیبیا

که فڕۆکەکەمان له فڕۆکەخانەی (تەڕابولس)ی خۆرئاوا نیشت، هەردوو وەزیری لیبی و جزائیری هاتنه ناو فڕۆکەکه، وەزیره جزائیرییەکه لەگەڵ ئەندامانی وەفدەکه بڕیاری دابوو له جزائیری پایتەخت نەمینێتەوە، سەرۆک وەزیرانی لیبی (ئەلرائد عەبدولسەلام جەللود) که دەرگای فڕۆکەکه کرایەوە و هاته ناو ژوورەوە، دیاربوو زۆر وریابوو، له هەڵسوکەوتی وا دیاربوو کەوا ئەو ئاگاداری هیچ نییەو هیچ نازانێت، (لەراستیدا ئەو هیچی نەدەزانی، تەنانەت ناسنامەی منیشی نەدەزانی)، که سڵاوی له وەزیرەکان کرد، من زۆر بەڕێزەوە چوومه لای، لەگەڵ (ئەلنەقاش) ناردمه دەرەوەی فڕۆکەکه تا لەگەڵ (لیوا ئەبوبەکر یونس جابر) لەناو فڕۆکەخانەکه دیمانەیان ببێت، ئەو له گەڕانەوەکەی کەمێ دواکەوت، ئەو دەمانه (ئەلقەزافی)

## کۆتایی

سێ شەوو رۆژ بوو ئێمە نەخەوتبووین، زۆر هیلاک و ماندوو بووین، کە جزائیرییەکان مافی پەنابەری سیاسییان نەداینێ، هەموو بەرنامە سەرەتاییەکانمان هەرەسی هێنا، هەردوو تاوانبارەکانمان لەسەر خاکی خۆیان لەسێدارەدا، هەردوو فڕۆکەوانە ماندووە نەمساوییەکەش لەبەر بێتاقەتی بۆیان نەکرا بفڕن، هەموومان دوا هەناسەی هەرەسمان هەڵدەمژی، کۆتاییە جەرگبڕەکە بەرەو کۆتایی دەچوو، بەو شێوەیە کۆتایی بە چالاکییەکە هات، مێوانەکانمان لەناو فڕۆکەکە جێهێشت، چەکەکانمان دایە دەست وەزیری دەرەوەو خۆمان تەسلیمکرد، بەڵام ئەو دەمانچەکەی منی داوە دەستم لەبەر پشدێنمی دانایەوە. لەو چالاکیەدا بەرهەم و دەستکەوتی سیاسی و داراییمان بە رێکخراوەکانی بەرگری فەڵەستینی گەیاندو لە ماوەی 5 ساڵدا

سان مۆر 31 ی یولیوی ساڵی 2003

چیرۆکی بڕیاری لەسێدارەدانی هەریەک لە ئەلیەمانی و ئامۆزگار:

(کارلۆس) لەگەڵ (غەسان شەربل) وتوویەتی:

(وەدیع ئەلحەداد) منی وەک فەرمانپێکردن ئاگادارکردبۆوە کەوا بۆچی وەزیری پترۆڵی سعودی (ئەحمەد زەکی ئەلیەمانی)یت نەکوشتووە، بەڵام وەدیع ئەلحەداد (ئەبو هانی) فەرمانی دابوو تەنها وەزیری پترۆڵی سعودی بکوژم، بەڵام من بە بڕیاری خۆم وەزیرو مفەوەزی سەرەکی ئۆپک وەزیری پترۆڵی ئێرانی (جەمشید ئامۆزگار)م لە ڤیینا کوشت، من بەتەنها ئەو بڕیارەم دابوو، بۆ ئەو بڕیارەش هەریەک لە (ویلفرید بۆزو ئەلنەقاش) یاریدەری (کارلۆس) لە جێبەجێکردنی بڕیارەکان) زۆر بەحەماسەوە لەگەڵ بڕیارەکەم بوون. (کارلۆس) ئەوەشی ئاشکرد، کەوا

## 50 ملیۆن دۆلارەکە چی لێهات...؟

ئەگەرچی سەرەتا (کەمال خیربگ) بیری لە پارە وەرگرتن کردەوە، بەڵام (کارلۆس) دەڵێ، ئەوەی وترا کەوا لەکاتی چالاکییەکە پارە وەرگیراوە هەموو راست نییە، ئەبو هانی (وەدیع ئەلحەداد) پێیووتین، وڵاتانی ئۆپک هەموویان ئامادەن پارە بدەن، بەڵام کە چالاکییەکە تەواوبوو، بۆیەش ئێمە وازمان لەداواکەمان هێنا، پاشان ئەوە یەکێک بوو لە دەرئەنجامی کاردانەوەکانی چالاکییەکە، پاشان ئەوەش روویدا، پارەکە بە ناوی سعودیەو ئێران درا، ئێرانیش ئامادە نەبوو بەشەکەی خۆی کە 25 ملیۆن دۆلار بوو بداتەوە سعودیە.

## سەربردەی ئەلنەقاش

لەساڵی 1975 شەڕی ناوخۆی لوبنان دەستی پێکردبوو، شەڕەکە لەناو ئەو وڵاتە لە چەندین بەرەو ناوچە گەرم بوو، ڕێکخراوە فەڵەستینییەکان بەشداری شەڕەکەبوون، ئەوان لە دەسەڵات و شەڕەکانی ناوچەیەکی دیاریکراوی ئەو وڵاتە ڕۆڵی کاریگەرییان هەبوو، هەتا ساڵی 1982 کە لەژێر فشاری داگیرکردنی ئیسرائیل دەرچوون، ناوچەیەکی زیندوویان لە خاکی لوبنان کۆنترۆڵکردبوو. کەسە یاریدەرەکانی (وەدیع ئەلحەداد) هەڵوێستی جۆراوجۆریان لەبارەی دەگێڕنەوە، دەڵێن گوایە پێشنیاریکردووە با ماوەیەک ڕێکخراوە فەلەستینیەکان بۆ هەڵوێست وەرگرتن و بەشداریکردنیان چاوەڕوان بکەن، بەڵام قسەکانی ئەلنەقاش بەپێچەوانە دەگێڕدرێتەوە، کە قسەی لەسەر چالاکییەکەی ئۆپک لەکۆتایی ساڵی 1975 لە ڤیینا دەکرێت، ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکرێتەوە. ئەوەی ئێمە لەو سەربردەیە مەبەستمانە بزانین کەوا لەسەر چالاکییەکە جیاوازی لەنێوان قسەکانی ئەوو

کاروانەکەی ئەلنەقاش لەوکاتەوە دەست پێدەکات کە خەلیل ئەلوەزیر (ئەبو جیهاد)ی ئەندامی لیژنەی مەرکزی بزاڤی ئەلفەتح دەناسێت کە ئەویش دەستنیشانی دەکات لە کارکردن لە لایەنی ئاسایشی شۆڕشەکەیان لە دەرەوەی دەزگاکانی ئاسایشە ناسراوەکانیان، بە دوو رووداو کاروانەکەی دەگۆڕێت، یەکەمیان کە لەگەڵ (وەدیع ئەلحەداد) لە چالاکییەکەی ڤیینا بەشداردەبێت، دووەمیشیان کە ئاشنایەتی بە شۆڕشی ئێرانی دەکات، تا دەرئەنجامی سەرۆکایەتی تیمی کۆششی کوشتنی سەرۆک وەزیرانی پێشووتری

لەساڵی 1980 گەنجێکی لوبنانی تازە ئەندام لە ڕێکخراوێکی شۆڕشی فەڵەستینی فەرەنسای هەژاند، ئەو گەنجە هەوڵیدا سەرۆک وەزیرانی ئێرانی بکوژێت، ئەگەرچی وەزیرەکە نەکوژرا بەڵام دوو هاووڵاتی فەرەنسی تێدا کوژران، کە یەکێکیان پۆلیسێکی فەرەنسی بوو، لەو دەستدرێژەیەدا ئەلنەقاش بە برینداری گیراو پاش دادگاییکردنی حکومی هەتاهەتایی زیندانی بۆ بڕاوەتەوە. دۆسیەی ئەلنەقاش کەوتە ناو دانوستانی شەڕی ئێرانی عێراق و دۆسیەی دیلە فەڕەنسییە گیراوەکانی ناو لوبنان، بۆیەش بەرپرسە فەرەنسییەکان کەوتنە ناو جەنجاڵی کێشەکە، ئەوەش پەیوەندەییەکانی پاریس و تارانی ئاڵۆزو ژەهراوی کرد، کە داواکاربوون گیراوە لوبنانییەکە ئازادبکەن، بەڵام دادوەرە فەڕەنسییەکان کۆششەکەی (ئەلنەقاش)یان بە دۆسیەیەکی زۆر ترسناک و گەورە ناساندو لە

شەریکی (کارلۆس)

ئەلنەقاش لێرە دان بەوە دەنێت کەوا لە چالاکییەکەی دەست بەسەرداگرتنی وەزیرەکانی پترۆڵی ئۆپک لە 21 ی دیسەمبەری ساڵی 1975 لە نەخشەسازییەکەو جێبەجێکردنەکەی هاوبەشی (کارلۆس)ی کردووە، ئەوە دەڵێ من (کارلۆس)م رازیکردبوو، هەردوو وەزیرەکەی ئێرانی و سعودی نەکوژرێت، کەوا بڕیاربوو لە بەغدا یان لە (عەدەن) کوشتنەکە ئەنجام بدرێت، ئەوەش پاش ئەوەی یەکەم مەبەستی چالاکییەکەمان کە وەرگرتنی بڕی 10 ملیۆن دۆلاربوو، بەڵام کە (کارلۆس) هەردوو وەزیرەکەی کوشت، ناکۆکی کەوتە نێوان ئەو دوو کەسە، (ئەلحەداد)و (کارلۆس). ئەوانەی لەو چالاکییە بەشداربوون شەش کەس بوون، (کارلۆس) و ئەلنەقاش و کەسێکی لوبنانیان لەگەڵدابوو، ناوی نهێنییەکەی

بینینی رۆڵەکان

ئەلنەقاش دەڵێ من توانیم بە گوێی ئەوروپییەکان بچرپێنم کەوا لەناو ئیسرائیلدا چالاکی بکەین. لە سەرەتای حەفتاکاندا توانیم خۆم بخزێنمە ناو دەستەکەی (وەدیع ئەلحەداد) کە سەر بە (بەرەی میللی رزگاری فەلەستینی)بوو، بەبێ ئەوەی کار لە نهێنی

(ئەلنەقاش) دەڵێ، لە کەسە نزیکەکانی (بەختیار)، ژمارەی تەلەفۆنەکانی ئەوم دەستکەوت، بەناوی ژوورنالیستێکی عەرەبی سەردانی ماڵەکەی ئەوم کرد، بەو سەردانە زۆرمان قسەکرد، ئاخاوتنێکی دوورو درێژمان سازکرد، لە ناواخنی دیمانەکەدا شوێنەکەم پشکنی، شوێنی پاسەوانەکانم دۆزیەوە، دەرئەنجامەکەم ناردە تاران، ئەوانیش بڕیارەکەیان دەرکرد، دیمانەکەش بڵاونەکرایەوە، (ئەلنەقاش) بۆ جێبەجێکردنی کووشتنەکەو بڕیارەکەی تاران و بەناوی دیمانەیەکی ترو بۆ کووشتنی دووبارە سەردانی ماڵەکەی کردەوە، بەڵام رێوڕەسمی پاراستن و چاودێرییەکان بواریان نەدا چوونە ژوورەوەکە بکرێت، بۆیە بەناچاری بڕیاردرا بۆ کووشتنی ئەو هێرش بەرنە سەر ماڵەکە، ئەوەی گوترا گوایە دەستەکە لە ناسینەوەی شوقەکە هەڵەیان کردووە، راست نەبوو، ئەو ژنەی کە کوژرا

قسە لەسەر ئەوەش دەكرا كەوا ئیشتراكییەكان و دیگۆلییەكان لەرۆژانی گرتنەكەی لە ناو فەرەنسا تەلەفۆنێكی دەولییان دابووە دەستی تا گیراوە فەرەنسییەكانی ناو بەیروتیان بۆ ئازادبكات، لەبەرامبەر ئەوەش ئەو بەربدەن، ئەلنەقاش ناوی بەرپرسە ئێرانیەكانیشی دەزانی كە ئاگاداری چالاكییەكە بوون. سەرۆک فەرانسوا میتران لە 28ی یولیوی ساڵی 1990 فەرمانی دابوو، (ئەلنەقاش) ئازاد بكەن، بۆیە خۆی دەستەكەی ئازادكردو بڕیاری فەرمانی ئازادكرانەكەی دابوو. لەسەر داوای ئەویش ئەوانی گەڕاندەوە تاران. (ئەلنەقاش) سەربردەی ئەوەش ئاگادار بووە كەوا دەستەكەی (وەدیع ئەلحەداد) بەنیازبوون سەفیری ئەمریكی لە بەیروت (گودلی)و نێردراوی ئەمریكی (دین براون)و مولحەقی سەربازی فەرەنسی بكوژن، باسی رۆڵی (ئەبو جیهاد)و (ئەبو حەسەن سەلامە)شی كردووە كە بەنیازی

ئەلنەقاش دەڵێ:

پێش چالاکییەکەی ڤیینا بەرنامەی زۆرترمان هەبوو، هەمووش بۆ پارە پەیداکردن بوو، کە شەڕە ناخۆییەکەی ناو لوبنان دەستی پێکرد، دەستەکەی (وەدیع ئەلحەداد) پێویستی بەسامان و پارە دەبوو، ئەو پارەیەش ئەگەر دەستمان کەوتبووایە، چەندین لایەنی فەلەستینی سوودیان لێوە دەبینی، لەوانە (بەرەی میللی)یش. یەکەم بەرنامەمان بۆ پارە وەرگرتن کارمان بۆ کرد، چالاکی رفاندنی (مەهدی بازرگان)بوو، ئەو پیاوە دەوڵەمەندێکی ئیماراتی عەرەبی بوو، پلەی وەزیفەکەشی سەفیری وڵاتەکەی بوو لە لەندەن، لە زستانی ساڵی 1974و 1975 دەستمان بەبەرنامەی

(وەدیع ئەلحەداد) کە باسی بەرنامەی رفاندنی ئەو بازرگانەی کردووە، (کارلۆس)یش لە گەڵ دەستەکەدابووە، ئەو ئاگادارو هاوکار بووە.

**پاڵەوانی چالاکییەکە**

لە چالاکییەکەی ئۆپک (ئەلنەقاش) ناوی نهێنی (خالد) بوو، لەگەڵ (کارلۆس) بەشداربوو لە

سەرەتا داوایان کرد پشکنین و زانیاری سەرەتایی وەرگرم، من سەفەرم بۆ ڤیینا بە پاسپۆرتێکی لوبنانی ئاسایی کرد، سەرەتا چوومە جنێف لەوێیەوە سواری ترێن بووم، لەو سەفەرەدا دە رۆژ لە ڤیینا مامەوە، لەو دە رۆژەدا لە هەموو شوێنەکان و رەوشەکان شارەزا بووم، وەک مەڵبەندەکەی ئۆپک و شەقامەکانی ناوچەکە، تونێڵەکان، واتە بەوردی گەڕام، لەو سەفەرەدا گەنجێکی بێئەزموونم لەگەڵدابوو، هاتبوو شارەزابێت، چاوی بکرێتەوەو مەشقی پێبکەم، بەڵام پاشان لە چالاکییەکە

که پرسیاری ئەوەش دەکرێ (کارلۆس) چۆن گەیشت، لەوەڵامدا باس لە رۆڵە لاوەکییەکەی ئەو دەکات و دەڵێ:

بەوردی و بەڕێکی ئەوەیان نازانم، بەڵام ئەوە چاک دەزانم ئەو ئەو دەمانە لە لوبنان بوو، دەبووایە بگاتە ڤیینا، بە سویسراوە گەیشت، لە ئیتاڵیاوە ئەوەیان نازانم، لەسەر من ئەوەیان مەبەست نەبوو، ئەوان چۆن و بە کێندەرێ دەگەنە لام لە ڤیینا، (کارلۆس) لە شوقەیەک دەژیاو منیش لە هوتێلێکدا بووم، کە دەستەکە هەموویان گەیشتین بۆ زانیاری کۆکردنەوەو شارەزابوون کەوتینە کارکردن، لە شوێنەکانی خۆیانەوە هەموویان کەوتنە کارکردن، بەڵام هەموویان وردەکاری چالاکییەکەیان نەدەزانی، هەموویان ئاگادار نەبوون. بەهەمان شێوەو بەرنامەکەی منەوە (کارلۆس) سەردانی مەڵبەندەکەی ئۆپکی کرد، ئەویش وەک من لەوەی کە هەڵەی کردووە لەنێوان بارەگای سەفارەتەکەو مەڵبەندەکە داوای لێبووردنی کردبووو

## جێبەجێکردنی چالاکییەکە

لە وێستگەکە دەرچووین ئاووهەواکە ساردبوو، ئێمە پاڵتۆمان لەبەردابوو، دوو پۆلیسمان بینی، بەڵام هەموو شتەکان باش شاردرابوونەوە بۆیە ترسی نەبوو، هەردوو پۆلیسەکەش گومانیان لە هیچ نەکرد، بەپێچەوانەوە ئێمە چووینە لای پۆلیسەکان و پرسی شوێنی کۆنگرەکەی ئۆپکمان لەوانکرد، لەبەرئەوەی وەک ژوورنالیست خۆمان ناساندبوو، بۆیە ئەوانیش گومانیان لە جانتاکانمان نەکرد، ئەوانیش بەخۆشییەوە شوێنەکەیان پێناساندین، ئێمە نهۆمی مەڵبەندو کۆنگرەکەمان دەزانی، بەڵام پرسیاری زۆریشمان لە پۆلیسەکانکرد، لە شوێن و کاتی کۆنگرەکەمان پرسی، ئەوەشمان بۆ ئەوەبوو تا هیچ گومانمان لێنەکەن، پۆلیسەکان نهۆمی کۆنگرەکەشیان پێوتین، کە پرسیارە

## دوو تەقەی هەوایی

که من گەیشتمە ژوورەکە دوو گوللەم بە بنمیچی هۆڵەکە وەنا، هەموو خۆیان بە ئەرزەکەدا دا، دەستەی سێیەمیشمان هەموو فەرمانبەرەکانیان لە هۆڵەکە پەستا، لەناو هۆڵی چاوەڕوانیدا چەند پاسەوانێکی تایبەتیشی لێبوو، دوو پاسەوانیان لێ کوژرا، یەکێکیان عێراقی و دووەمیان لیبی بوو، وەزیرەکانی تر پاسەوانی تایبەتیان نەبوو، ئەو پاسەوانی کە کوژران کۆششیان کردبوو ژنە ئەندامەکەی دەستەکەمان بگرن، وایانزانی ئەو دوو ژنە بێدەسەڵاتن، بەڵام بەگوللەو ئاگر چارەیان کردن. لەگەڵ کۆکردنەوەی فەرمانبەرەکان بۆ هۆڵەکە پێکداچوونێکی ئاسایی لەگەڵ پۆلیسەکانی پێش باڵەخانەکە هاتە کایەوە، لەودەمانەدا هێزەکانی تایبەت بۆ چارەسەرکردنی گرژییەکە بەنیازبوون سەرکەون، بۆیە تەقە دروستبوو، لەوکاتەدا هاوڕێیە ئەڵمانییەکەمان برینداربوو، بەڵام ئێمە وەک چۆن نەخشەمان کێشابوو

## خوانی خۆشی

(ئەلنەقاش) لەسەر گێڕانەوەی رووداوەکە بەردەوامەو وتوویەتی، بۆ رۆژی دووەمی چالاکییەکە باڵوێزی عێراقی، بەخۆشییەوە وەک ئەوەی هیچ رووی نەدابێت، وتی، ئێوە ئاهەنگی تەواوبوونی کۆنگرەکەتان لە هوتێلی (هیلتۆن) لێ تێکداین، بەنیازبووین لەسەر شەرەفی وەزیرە بەشدارەکان خوانێکی شکۆدار ساز بکرێت، بەڵام ئێمە ئەو داوەتەمان لەوان شێواند، بەڵام ئێمە نەمانهێشت ئاهەنگەکەیان لێ بڕوات، داوامان لە حکومەتی نەمساویی کرد دەتوانن خوانەکەو داوەتەکە

## مامەڵەیەکی گەورە

لە جەزائیرەوە فڕۆکەکە بەرەو لیبیا فڕی، لەناو فڕۆکەکە11 وەزیری پترۆڵی دیلی تێدابوو، لە جەزائیر داوامان لە وەزیرە جەزائیرییەکە کرد دەتوانی لە وڵاتەکەی خۆی بگەڕێتەوە، بەڵام ئەو بۆ لیبیاش لەگەڵماندا فڕی، حەزی دەکرد لەناو فڕۆکەکە بمینێتەوە، ئەلنەقاش بەردەوامەو دەڵێ:

(کارلۆس) بواریدا وەزیرە جەزائیرەکە لە فڕۆکەکە دابەزێت و لەگەڵ لیبیەکان دانوستان بکات، لێرەوە بۆمان دەرکەوت سەفقەکە گەورەیە، ئەگەرنا ئەو هەموو مشتومڕەو دانوستانەی بۆ چییە.؟

## تەقاندنەوەی بۆڕییە پترۆڵییەکان:

لەمانگی یولیوی ساڵی 1969 دەستەیەکی سەر بە (وەدیع ئەلحەداد) لە پاڵاوگەی (ئەلزەهرانی)

## (وەدیع ئەلحەداد) دادگایی (کارلۆس) دەکات

دوو هەفتە پاش تەواوبوونی چالاکییەکە (کارلۆس) لە جەزائیر دەرچووو گەیشتە مەقادیشۆ، لەوێشەوە گەیشتە (عەدەن)، لەوێ کۆبوونەوەیەک دەکرێت کە لە نێوان سەرکردەیەکی فەلەستینی و (وەدیع ئەلحەداد)و کوڕە فەنزویلییەکە (کارلۆس)،

که چالاکییەکە سەرکەوت و بوونی رۆڵی پترۆڵی عەرەبی لە شەڕەکە دانی پێدانرا، بۆیە هەستمکرد کارەکەمان تەواو، تا ناوی چالاکییەکەمان پیس نەکەین، پێویست بە کوشتنی ئەوانە نەبوو، ئەگەرچی رێنماییەکان بەپێچەوانەی ئەوەبوو، ئەو لە درێژەی

ئێمە لە شەڕداین، شەڕدەکەین، ئێمە تیمی دیدەوانی نین.

(ئەلحەداد) کە ناوە عەرەبییەکەی (سالم)بوو بەسەرسامییەوە وتبووی:

ئێوە من بە ئەندامێکی بەردەستی خۆتان دەزانن، وا مامەڵەم لەگەڵدا دەکەن، من وەک هاوڕێیەک لەگەڵتانم. (کارلۆس) ئەو قسەیەی بەسەرسامییەوە وەردەگرێت، هەتا ئەو دەمانە ئەو بە ئەندامێکی (بواری دەرەوە) دەناسرا، لەکۆتایی دیمانە سێ خولەکییەکەدا (ئەلحەداد) بە (کارلۆس)ی وتبوو، بڕۆ لە ئۆردوگاکە پشووێ بدەو ئەویش وایکرد.

ئەوەی (ئەلنەقاش) لەسەر دانوستانەکان لەگەڵ وەزیرەکانی ئۆپک وتوویەتی، لەگەڵ قسەکانی (کارلۆس) جیاوازی هەیە، (ئەلنەقاش) دەڵێ دانوستانی راستی و رووبەروویان لەگەڵیاندا نەکراوە، بەڵام رێکەوتنێکی خێرا لەگەڵ ئێران و سعودیە کرابوو، کە هەر یەکێکیان 5 ملیۆن دۆلار بدەن، بە قسەی ئەو پارەکەش درابوو، بەڵام (کارلۆس) دەڵێ، پارەکەی کە بڕیاربوو ئەو دوو وڵاتە بیدەنە شۆڕشی فەڵەستینی 25 ملیۆن دۆلاربوو، بەڵام هەردوو وڵات پەشیمان بوونەتەوەو پارەکەیان نەداوە، (ئەلنەقاش) دەڵێ من بۆ کوشتنی هەردوو وەزیرەکە (ئەلیەمانی و ئامۆزگار) ناڕازی بووم، بەڵام (کارلۆس) دەڵێ، (ئەلنەقاش) بۆ کوشتنی دوو وەزیرەکە زۆر خوێنگەرم و بەپەلەبوو. لەرووی پراکتیکەوە هیچ جۆرە دانوستانێک لەگەڵ نەمساوییەکان نەکراوە، ئەوەی لەوان داواکرابوو بەیانەکەمان بۆ بخوێننەوە، ئەوانیش ئەوەیان کرد، لە رادیۆیە بچووکەکەمان گوێم لە بەیانەکەبوو کە دەخوێندرایەوە، بابەتی دووەمیش کە قسەی لێوەکرا،

لێرە دەبێ بگەڕێینەوە سەرەتای سازکردنی پلانەکەمان، ئەوەشیان زۆر گرنگە، کە من و (کارلۆس) بەتەنها لە ڤیینا بووین، ئەو کە مەڵبەندەکەی دۆزیەوەو سەردانی شوێنەکەی کرد، لە قاوەخانەیەکی پشت باڵەخانەکە بەیەکەوە دانیشتین، لەوێ (کارلۆس) داوای لەمن کرد من بۆچوونی خۆمی لەسەر چالاکییەکە پێبڵێم، ئەو وتی:

من پرسیارم لە بڕیاری کوشتنی هەردوو وەزیرە ئێرانی و سعودییەکە هەیە، چونکە من کەسێکی سیاسییم و لە پاشەڕۆژی ئەو بڕیارە دەترسێم، پاشەڕۆژی ترسناکە.

بڕیاربوو کە پارەکانمان وەرگرت بە فڕۆکەیەک بفڕین بەرەو عێراق یان عەدەن، تا لەوێ هەردوو وەزیرەکە بکوژین، جا من پاش ئەوە نەمدەزانی چی ڕوودەدات، ئەگەر کارەکە لە بەغدا کرابایە ڕەنگە ڕێکەوتنامەکەی جەزائیری نێوان ئێران و عێراق سەبارەت بە هەرەسهێنانی شۆڕشی کوردو هاوکاری ئەو دوو وڵاتە بەپێی ڕێکەوتنەکە هەڵدەوەشایەوە، یان

(وەدیع) لە عەدەن بنکەیەکی جەماوەری باشی هەبوو، ئەگەر کوشتنەکە لەویّ کرابایە، ولّاتەکە دووچاری بایکۆت و گوشار دەبوو، بۆیە هەستمکرد (کارلۆس) زوو هاوسۆزی بۆچونەکانم بوو، بۆیە کوشتنەکەی بە سروشتی و دروست نەزانی، بەڵام هاوکێشەکە وابوو، نەدەکرا من زۆری لێبکەم ئەو سەرپێچی فەرمان و داواکان بکات، تا دوو وەزیرەکە نەکوژرێت، نەشدەکرا لە دانوستانەکان باسی من بکات و لێپرسینەوەکان بخاتە سەر ملی من.

من بیرۆکەی رفاندنی فڕۆکەکەم خستە ناوبەرنامەوبیری (وەدیع ئەلحەداد)، بۆئەوەمان دەکردو مەبەستمان چی بوو، پرسیارەکەش ئەوەیە بۆ ...؟

لە کتێبەکەی (غەسان شەربل) بەناوی (نهێنینەکانی سندووقە رەشەکە)دا وەڵامی ئەو پرسیارە

لەو بەشەدا باس لە چالاکییەکانی فڕۆکە رفاندنەکان دەکەین، کە ئەو دەستەیە ئەنجامیان داوە.

چالاکییە سەرەتاییەکان،کێ بیرۆکەکەی دانا، کێ نەخشەسازییەکان و جێبەجێکار بوون...؟

لە رۆژی 6 ی مانگی سپتەمبەری ساڵی 1970دا جیهان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش هەژا، لەو رۆژەدا ترس و نیگەرانی هەموو فڕۆکەخانەکانی جیهانی گرتووە، ناوی فەلەستین لەناو هەموو نامەو پەیامی پەیامنێران و لە ئاژانسەکان و تەلەفزیۆنەکان بەگەرمی دەهات، لەو رۆژەوە ناوی کەسێکی وەک (وەدیع ئەلحەداد) وەک کەسێکی ترسناک لە خۆرهەڵاتی ناوەراست تا رۆژی مردنەکەی لە ساڵی 1978 دەهات، بۆیە ئیستخباراتی ئیسرائیلی و خۆرئاواییەکان بەچڕی و بەزۆری لەدوایی ئەودا دەگەڕان. (ئەلحەداد) ئەو

****

له 22ی فبرایری ساڵی 1972دا دەستەیەک له ئەندامانی (بواری دەرەوە) له نیودلهی فڕۆکەیەکی کۆمپانیای (لوفتهانزا)ی ئەڵمانیای خۆرئاوایان رفاند، فڕۆکه رفێندراوەکەیان گەیاندە (عەدەن)، پاش ماوەیەکی کورت گەنجێکی عەرەب لەناو کارتۆنیکی گچکه نامەیەکی پێچراوی گەیاند بووە نووسینگەی

که پرسیار دەکرێ بۆچی فڕۆکە دەرفێندران، کەسی یەکەمی چالاکییەکە (وەدیع ئەلحەداد) وەڵامەکەش دەداتەوەو دەڵێ:

ئەو فڕۆکە ئیسرائیلییەی کە سەر بە کۆمپانیای (ئەلعال)ی ئیسرائیلی بوو، لە (رۆما)وە بەرەو (تەلئەبیب) دەفڕی، من رفاندم و فڕۆکەوانەکەم ناچارکرد هێڵی فڕینەکەی بگۆڕێت، لە 23ی یولیوی ساڵی 1968 ناچارمکرد بەرەو جەزائیر بڕوات. لەودەمانە بەرەی میللی رزگاری فەلەستینی لەهەموولایەک گەمارۆ درا بوو، لە راپۆرتی سیاسی خۆیدا کە لە فبرایری ساڵی 1968 بڵاویکردبۆوەو نووسیبوی:

کەوا رژێمی میسری وەک سیستەمێکی بۆرژوای گچکە کاردەکات، لەسەر بنچینەی هەڤاڵبەندی و بەربەرەکانێ مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، لەناو بەرەکەش ناکۆکی هەبوو، بەو چالاکییە توانرا گەمارۆییە راگەیاندنەکەی سەریان بشکێنێت و چەند گیراوێکیان ئازاد بکرێت، کە خەڵکێکی زۆریش پشتیوانییان بۆ چالاکییە راگەیاند، رێژەی سەرکەوتنی چالاکییەکەش

## کەسی خاوەن بڕیارە

لە رفاندنی ئەو فڕۆکەیە (وەدیع ئەلحەداد) خۆی خاوەن بڕیاری یەکەم و سەرەکی بوو، بۆ نەخشەسازی بەرنامەکەش کەسانی شارەزاو پسپۆریش بەشدارییان کردووە، بۆ جێبەجێکردنەکەش سەرەتا ئەوانەی لەگەڵیدابوون نەیاندەزانی فڕۆکەکە بەرەو کێندەرێ دەڕفێندرێت، هێڵی فڕۆکەکەیان نەدەزانی، بۆیەش داوای پێشنیارو پشتیوانی خەڵکی شارەزایان کردبوو، سوود لە شارەزایی فڕۆکەوانێکی فەلەستینی وەرگیرابوو، (وەدیع) چەند کەسانی لێزانی لە بوارەکانی هزری و سیاسی و سەربازی و هونەری لە کەسانی

بەڵام کە چالاکییەکەکرا، جزائیر وا تێگەیشت کەوا ئەوەیان پلانەو میسر بۆ لەکەدارکردنی ئەوان دایڕشتووە، بەڵام ئەو توماتبارکردنەش راست نەبوو، چونکە میسر ئەو چالاکییەی لاباش نەبوو. بڕیاری چالاکییەکە لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی نیشتیمانی فەلەستین کە لە قاهیرە گیرابوو دەرچوبوو، لە یادی ساڵوەگەڕی شۆڕشی یولیۆ هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەنەکە باسکردنی ئەو چالاکییەیان بە فشەو خۆدەرهێنان زانیبوو، لەو دەمانە (وەدیع) خۆی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنەکە بوو، ئەو کە لە قاهیرە دەرچووە باسی بیرۆکەی ئەو چالاکییەی کردووە، بۆیەش ئەو وێنەی لەوێ گیراوە، هەر بەو وێنەوە هەواڵەکە بڵاودەکرایەوە، پاش پێنج مانگ و لە دیسەمبەری ساڵی 1968دا چەند گەنجێکی چەک بەدەست هێرشیان

له 29ی ئۆگسستی ساڵی 1969 فڕۆکەیەکی جۆری (بۆینگ)ی سەر بە هێڵەکانی ئاسمانی جیهانی کە بەرەو (دیمەشق) دەفڕی رفێندرا، پێش ئەوەی فڕۆکەکە بتەقێنەوەو فڕۆکەوانەکان و سەرنیشینەکانیان دابەزاند، بەشداربووانی چالاکییە (لەیلا خالد)و (سلیم عیساوی)یان لەگەڵ بوو، ئەوەیان یەکەم چالاکی فڕۆکە

## چالاکییە گەورەکە

ژمارەیەک فڕۆکەش دەفڕێندرانە فڕۆکەخانەیەکی چۆڵی ناو وڵاتی ئوردن، ئەوەش جێگای سەرسوڕمان و رامانی زۆر لایەن و چاودێرەکان بوو، کەوا ئەو چالاکیانە بۆچی، بۆ کاری وا گەورەو زۆر...؟ مەبەست لەوانە چییە...؟ ئەوانە چۆن دەکران...؟ بۆ وڵاتی ئوردن و ئەو فڕۆکەخانەیەش هەڵبژێردرابوو...؟ ئەو جۆرە پرسیارانەش زۆر دەکران، وەڵامەکەش بە بۆچوونی یاریدەرەکانی (وەدیع ئەلحەداد)، گوایە بڕیارەکان لە (جۆرج حەبەش)ەوە دەرچوو بوون، چونکە لەو دەمانە پرۆژەی (رۆجرز) لە ئارادابوو، سەرۆک (جەمال

له چالاکییەکەی (زیورخ) کۆمەڵێک ڕێوڕەسم پەیرەوکرابوو، هەمووی بۆ سەرکەوتن و ڕێکوپێکی بەرنامەکەبوو، دەستەیەک ناوچەیەکەیان دەپشکنی، تا نەخشەی دروست بۆ جێبەجێکردن سازبکەن، دەستەیەکیش تایبەت بوون بە گەیاندنی چەک و تەقەمەنی، ئەو دەستەیە دەستەی یەکەمیان نەدەناسی، یەکتریان نەدیبوو، ئەوەی چەکەکانی تەسلیم بە جێبەجێکارەکان دەکرد، تەنها یەک کەسی لەوان دەناسی، کە کارەکەی تەواو دەبوو، دەبووایە یەکسەر لە شوێنەکە دووربکەوێتەوە، ئەوانەی شوێنەکەیان دیبووو نەخشەیان سازکردبوو، ئەوانەی تریان نەدەناسی، ئەگەر یەکێکیش لەوانە بگیرێت ئەو کەسی تر ناناسێت، بۆ دڵنیایی و لەکاتی گیرانی هێرشبەرەکان،

(وەدیع) پێش رفاندنی فڕۆکەکە گەیشتووتە (عەمان)، سەردانی فڕۆکەخانەی (الثورة)ی کردبوو، شوێنەکەی سازکاری دەکرد، کە لەوێیەوە پێشوازی لە فڕۆکە رفێندراوەکان بکرێت، لەوێ کۆنە فڕۆکەخانەیەکی سەربازی کۆنی سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی دەدۆزێتەوە، چونکە نەدەکرا فڕۆکەکان لە ناو فڕۆکەخانەی (عەمان)ی نێونەتەوەیی بنیشێتەوە، پاش ئەوەی پرسی بە کەسانی پسپۆر لە ئەندازیارو

که پرسیاریش دەکرێ بۆ وڵاتی (ئوردن) هەڵبژێردرا بۆ خەواندنی ئەو فڕۆکانە، لە وەڵامدا ئەو چەند وەڵامە شیاوە بۆ مەرامی کارەکە هەبوون، وەک:

لەوێ لە (ئوردن) دەستەی چەکداری خۆیان ئامادەبوو، لەکاتی پێویستدا ئەوان هاوکارییان دەکەن. ئوردن ئەو دەسەڵاتەشی نەبوو، هێنانی و نیشتنەوەی فڕۆکەوان راگرێت، لەرووی سەربازییەوە دەستی نەدەڕۆیشت، تاقەتی شەڕی چەکدارە فەلەستینییەکانی نەبوو.

(وەدیع) خۆی لەساتی یەکەمی چالاکییەکە تا تەواوبوونی بەشێوەیەکی راستەوخۆ سەرپەرشتی چالاکییەکەی کردبوو، هەر لە هەڵبژاردنی فڕۆکەخانەکەو تا کاتی گەیشتنی فڕۆکەکەو بەرێوەبردنی کارەکانی پرۆپاگەندەی پێویست بە چالاکییەکەو بەرنامە سیاسییەکە، تا تەقاندنەوەی فڕۆکەکەش، بەڵام کە ناکۆکییەکان و شەڕەکانی نێوان فەڵەستینیەکان و ئوردن گەرم بوو، (وەدیع) لەگەڵ

شێوەی کارەکانی (وەدیع)

یەکێک لە یاریدەرەکانی (ئەلحەداد) وتوویەتی:

سەرەتا دەستەیەک لە مەیدانەکە توێژینەوەو پرسیار دەکەن، زانیاری زۆر کۆدەکەنەوە، زانیارییەکانیش دەدەنە لیژنەی جێبەجێکار، ئەوانیش بەرنامەو پلان سازدەکەن، زانیاریمان لەسەر ئەوە هەبوو کەوا پاش 25 ساڵ لەکۆتایی شەڕی دووەمی جیهان ئیسرائیلییەکان کاریان کرد، ناوو شوێنی ئەو کەسانەیان کۆدەکردەوە کە لە کۆمەڵکوژی جوولەکەکانی سەردەمی ئەڵمانیای نازییەت، دەستیان بە خوێنی جوولەکە سووربوو، ناویان لە دەستەکە نابوو، تاوانبارانی نازییەت، بۆیەش ئێمە بیرمان لەوە کردەوە زانیاری لەسەر کۆنە زایونیزمەکان کۆکەینەوە،

لەودەمانە بیرمان لەوە کردەوە تەکنەلۆژیای نوێی پەیوەندی بەکارنەهێنین، با پەیوەندییەکەمان بە گەیاندنی دەستی بێت، یەکێک بچێت و شتەکانمان بۆ ببات و بۆمان بهێنێتەوە، هەموو ئامادەکارییەکانیش لەبارەگای (وەدیع ئەلحەداد) دەکران، کەرەستەکانی جێبەجێبەکردنەکانیش لە بندەستی سازو ئامادەبوون، ئەندامانی دەستەی جێبەجێکاریش لە بەیروت و شوێنی ترەوە بۆی دەردەچوون، بەڵام دوابڕیاریش لەوێ دەردەچوو، بەڵام بەرنامەکان و جێبەجێکردنی

****

زۆری نەمابوو پارەکەمان لەدەست بچێت

فڕۆکە ئەڵمانیایەکە لەمانگی فبرایری ساڵی 1972 رفێندرا، مەبەستەکەش پەیداکردنی بڕە پارەیەک بوو، ئەودەمانە بەرەی میللی رزگاری فەلەستین، بێجگە لە کێشەو تەنگژەکانی تریان مەسەلەی گرفتی داراییشیان هەبوو.

زوو زوو ماڵەکەی (وەدیع ئەلحەداد) دەدۆزرایەوەو هێرشی دەکرایە سەر، بۆیەش دەبووایە بەردەوام سێ چوار شوقەیان هەبووایە، ئەوەش کێشەیەکی ئاڵۆزبوو، چونکە بە فڕۆکەش ماڵەکان بۆردومان دەکرا، بەڵام نەبوونی پارەکە لەهەموو کێشەکان گرانتربوو، هەمووڵایەک ئەوەیان نەدەزانی، تەنها (جۆرج حەبەش)و (ئەبو عەلی مستەفا) بەوەیان دەزانی. لەترسی ناکۆکییەکان و لەبەر هەڵوەشانەوەیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، (بەرە) کە بڕیاری بەستنی کۆنگرەی دابوو. دیارە کەوا کۆنگرەش پارەی زۆری دەوێت، بۆیە بڕیاریشدرا کەوا خودی (ئەلحەداد)

چالاکییەکە لەلایەن کۆمەڵە گەنجێکی فەلەستینی بەناوی قوربانیانی دەست دوژمنی زایونیزم ئەنجامدرا، فڕۆکەکە لە نیودلهییەوە بەرەو (عەدەن) دەفڕی، گەنجەکان بە وەرگرتنی وشە نهێنییەکە فڕۆکەکەیان چۆڵدەکەن و خۆیان رادەستی دەسەڵاتی یەمەنییەکان دەکەن، کارەکە کراو 5 ملیۆن دۆلارەکە وەرگیرا، ئەڵمانیاکان بە نامەیەک ئاگاداریان کردنەوە، کەوا پیاوێک لەناو فڕۆکەخانەی بەیروت دێتە دەرەوەو جانتایەکی لەدەستەو سواری ئوتومبێلێکی جۆری فۆلکسڤاگن دەبێت، ئۆتۆمبێلەکە سویچی لەسەرەو یەکسەر بۆی دەردەچێت، ئەو نەخشەیەک دەدۆزێتەوەو بەپێی نەخشەکە دەڕوات، نزیکەی 40 کم دەڕوات، دەگاتە شوێنێک نزیکی هوتێلێک لە شاری (سەیدا). کە ئەو دوو کەسەی لە فڕۆکەخانە چاوەڕوانی نمایندە

بەسەرکەوتنی چالاکی یەکەمی (بواری دەرەوە)ی بەرەی میللی رزگاری فەلەستینی، ناوی (وەدیع ئەلحەداد) گەیشتە هەموو وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، داواکاریشی زۆر دەبوو، ناوەکەی بووە سونبل و نەوای زۆر لایەن و کەسایەتی، بواری دەرەوەیان بووە ئامۆژگایەک تا فیداکاران پەروەردە بکەن، لەوانە (کارلۆس)ی فەنزویلی و ئەو (مەریەم)ە

هاوڕێیە ژاپۆنیەکان چالاکی (ئەللەد)یان ئەنجامدا، ئیسرائیل کۆششی کردبوو نهێنی ئەو ژاپۆنیانەی ناو بەرەی میللی بزانێت، بەڵام بۆی نەدەکرا، ئەوان لە باشووری لوبنان لە ناوچەی (ئەلبیقاع) مەشقیان دەکرد، کە رۆژێکیان گەنجیکی ژاپۆنی لەبەیروت لەناو دەریا لە کاتی مەلەوانی خنکا، کەس نەیزانی ئەوەیان یەکێکە لەو دەستەیەی بەنیازە بەرەی میللی بۆ چالاکی دژ بە ئیسرائیل بەکاریان دەهێنێت.

بەرەی میللی چالاکییەکانی بە ژاپۆنیەکانی ناو سوپای سوورو کەسانی ئەڵمانی ناو (بادرماینهوف)و کەسانی چەپی توندڕەوی فەرەنسی، ئەرمەن و کوردو کەسانی تری عەرەب و فەلەستینی ئەنجامدەدا، هەموویان لەژێر رێنمایی (وەدیع ئەلحەداد ـ ئەبو هانی)

## چالاکییەکەی (عنتیبی)

(وەدیع ئەلحەداد) لە فڕۆکەخانەیەک دەگەڕا بۆ نیشتنەوەی فڕۆکەیەکی ئیسرائیل ئەگەر بیڕفێنن، بەوەش ئیسرائیل ناچاردەکەن ژمارەیەک گیراوی فەلەستینیان لە گرتووخانەکانی ناو ئیسرائیل بۆ ئازاد بکەن، لە رۆژانی مانگی هەنگوینی نێوان سەرۆکی سۆماڵی (محەمەد سیاد بەری)و (ئەلحەداد) لە مقادیشو بەرنامەکەی لەلا درکاندبوو. سەرۆکە سۆمالییەکەش بۆی پێشنیارکردبوو ئەو پلانە لەلای سەرۆکی ئۆگەندی باس بکات، چونکە ئەو لەو دەمانە زۆر نەیاری ئیسرائیل و ئەوروپا بوو، لە رۆژی 1976/6/26دا سەرۆکی ئۆگەندی (عیدی ئەمین) رازی بوو دەستەکەی (ئەلحەداد) لەگەڵ دوو ئەندامی شانە شۆڕشگێڕە ئەڵمانییەکان فڕۆکەیەک بڕفێنن، پاش ئەو رێکەوتنە فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانی فەرەنسیان لە ئەسینا رفاند،

سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلی (ئیسحاق رابین) لەگەڵ وەزیری بەرگرییەکەی (شەمعون پیریز) کۆدەبێتەوەو مشووری ئەوەیان دەخوارد چۆن ئیسرائیلە گیراوانەکانی ناو فڕۆکەکە لە ئۆگەندا رزگاربکەن، چۆن لە دووری 4 هەزار کیلۆمەترەوە کارێک بۆ ئەو مەبەستە بکەن، بەرنامەیان داناو بڕیاریاندا، بۆیە لە فڕۆکەخانەکەی (عنتیب)ی فڕۆکەیەکی ئیسرائیلی نیشت، ئۆتومبێلێک لە شێوەی ئۆتومبێلەکەی سەرۆکی ئۆگەندی هاتە خوارەوە، لەناو ئۆتومبێلەکە ژمارەیەک سەربازی لێوە دابەزی کە جلی

نسكۆیەكە

ئەو چالاكییەی ئۆگەندا بووە نسكۆو مەرگەسات، لەماوەی تەنها یەك سەعاتدا ئیسرائیلییەكان هەموو ئەندامانی دەستەی رفاندنی فڕۆكەكەیان كوشت، لەو شەڕەدا سێ لە گیراوەكان كوژران و ئەفسەرێكی

****

## تەقاندنەوەی سینەمای جین

ئەندامێکی (بواری دەرەوە) کەسێکی ئێرانییان بە پاسپۆرتی بەریتانی و بەرێگای خۆرهەڵاتی ئاسیاوە ناردبوو ناو ئیسرائیل، لەوێ ئەو لەناو سینەمای جین خۆی تەقاندەوە، پاش ئەوەی لە تەقینەوەو سازکردنی کەرەستەکانی شارەزابوو، بەناوی فرۆشیاری ساردەمەنی بە نارنجۆکیکی دەستکردەوە لە دەستپێکردنی فیلمەکە خۆی تەقاندەوە، خۆی تێدا کوژراو 26 کەسیش لەناو سینەماکە کوژراوو بریندار بوون.

لەناو دەریا

لەساڵی 1971 بۆ وەشاندنی زەبرێک لە پاپۆڕەکانی پترۆڵ کە بەرەو ئیسرائیل دەچوون، (ئەلحەداد) دە کەسی ڕەوانەی دوورگەی (بریم) کردبوو، تا لەوێیەوە چاودێری پاپۆڕەکان بکەن، لەنزیک (باب ئەلمەندەب) هێرشیان کردبووە سەر ئەو پاپۆڕەی بەپێی نەخشەکە گەیشتبووە نزیکە کەمینەکەیان، لە چاودێریکردنەکە بۆ یەکەمجار دووربینی تیشکی ژێرەوەی سووریان بەکارهێنابوو.

بۆ ماوەی سێ مانگ لەنێوان مانگی ئەپریل و یولیودا زریانێکی شێتانە دەریای نارەحەتکردبوو، بەلەمەکەشیان بەلەمێکی کۆنی شڕبوو، بۆیەش چالاکییەکەیان بۆ سەرەتای ساڵی 1971 دواخستبوو، بۆ ئەو چالاکییە داوایان لە سەرۆک وەزیرانی یەمەنی دیموکراسی (محەمەد علی هەیسەم) کردبوو بەلەمێکی نوێ و چاکیان بۆ دابین بکات، بەمەرجێک ئەوەندە خێرابێت و بەکەڵک ئەو هێرشە بێت، ئەویش لە وەڵامدا وتبووی:

ئێستا هیچ بەلەمی وامان نییە، بەڵام ئەو پاش ماوەیەک پێی ڕاگەیاندبوون، کەوا دەزانم بەلەمێک لە بەنداوەکە وەستاوەو دەتوانن بۆ خۆتان بیدزن. بەو بەلەمە بوونە خاوەن دوو بەلەم، بەو دوو بەلەمانە


کتێبەکەی (غەسان شەربل) بریتییە لە چوار ئینتەرڤیو لەگەڵ چوار کەسی دەسەڵاتدارو کارگێڕ لە بەرەکەو لە چالاکییەکان کراوە، ئەوانیش (ئەلنەقاش و جۆرج حەبەش و کارلۆس و وەدیع ئەلحەداد) بوو، لە بەشی یەکەمدا کە لەگەڵ (ئەلحەداد) دیمانەی کردووە، بڕگەکانی دیمانەکە ناویان وا هاتووە، کوڕەکە باسی باوکی دەکات، چالاکییە سەرەتاییەکان و فڕۆکەخانەی (الثورة) لە عەمان و چالاکییەکەی فڕۆکەخانەی (ئەللەد)، رفاندنی وەزیرەکانی پترۆڵ لە ڤیینا، چالاکییەکەی عنتیبی، بەرنامە بۆ کوشتنی کیسنجر، کۆشش بۆ دەربازکردنی جورج حەبەش لە گرتووخانەیەک لەناو سوریادا.

ئینتەرڤیووی دووەم لەگەڵ (کارلۆس)ە، کە دوو بەشە، نامەکانی (کارلۆس)یش لە رۆژانی زیندانەوە.

ئینتەرڤیووی سێیەمیش، لەگەڵ (ئەلنەقاش) سازکراوە، کە باسی (وەدیع) و (کارلۆس)ی کردووە، باسی زۆر لایەنی چالاکییەکانی کراوە.

ئینتەرڤیووی چوارەمیش، لەگەڵ (جۆرج حەبەش)ە، لەرۆژانی سەرەتاکانەوەقسەی کردووە، باسی شۆڕشی رۆژانی عەمان و پاشان رۆژانەی خەباتەکەیان لە بەیروت، دواییش ئاوارەبوونیان بۆ تونسی کردووە.

****



نامەکەی (کارلۆس) سەبارەت بە چالاکییەکەی ڤیینا.



لۆس



جۆرج حەبەش



**ديع ئەلحەداد**



**ئەنيس ئەلنەقاش**



وەرگێڕ لە چەند دێڕێکدا:

لە 1955 لە شاری دێرینی (هەولێر) لەدایک بووم.

ئامۆژگای تەکنەلۆژیای بەغدام تەواوکردووە.

تا لە وڵات دەرچووم فەرمانبەری شارەوانی هەولێر بووم.

لە ساڵی 1998 ەوە لە وڵاتی سوید دەژیم.

## چاپکراوەکانم ...

1ـ لە یادی سەد ساڵەی شارەوانیدا، 1985 کتێبی (هەولێر )م بە قەبارەی 365 لاپەڕە ئامادەو چاپ کرد.

2ـ هەر لە شارەوانیدا لە ساڵی 1994 دا، 12 ژمارەی رۆژنامەی (هەولێر)م دەرکرد.

3ـ کەلاوە... 1991 ریپۆرتاژ، بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر.

4ـ دیوەخانی فلێن... رۆژانەو ریپۆرتاژە، لە 1999 لە رۆژنامەی (ئالای ئازادی)ی زەحمەتکێشان لە دە ئەڵقەی درێژ بڵاوکرایەوە.

5ـ هەولێر... تا دبلن...... 2000 ریپۆرتاژ، زانکۆی ئازادی بەرلین.

6ـ بەغدا.... بۆ هەولێر!..... 2000 ریپۆرتاژ، سویدو سلێمانی.

7ـ مەملەکەتی فارگۆنەکان.....2001 ریپۆرتاژ، سلێمانی.

8. کاکە، ئەبو ئیسماعیل... 2001 ، سلێمانی.

9. بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو 2001 رۆمانی گابریل مارکیز، لە ژمارە 25ی گۆڤاری (ئایندە)ی سلێمانی بڵاوکرایەوە، وەک نامیلکەش بڵاوکرایەوە.

10. دە رۆژەکەی هەولێرم، (11) وتارو ریپۆرتاژبوو لە گۆڤاری (گوڵان)ی هەولێرو رۆژنامەی (کورد) لە ئوستralیا بڵاوکرایەوە.

11. رێگای دوورم بۆ ئازادی، نیلسۆن ماندیلا، وەرگێڕان. هەولێر لە دەزگای موکریانی بڵاوکرایەوە.

12. سارد، یان گەرم، (12) ریپۆرتاژبوو، لە رۆژنامەی (هەواڵ)ی سلێمانی لە یولیو 2001 ی ینایری 2002 بڵاوکرایەوەو وەک نامیلکەش بڵاوکرایەوە.

13. فارگۆنەکان، ریپۆرتاژو بیرەوەرییە لە دەزگای بەدرخان لە هەولێر2005 بڵاوکرایەوە.

14. مەملەکەتی کەلاوە، وتارو پێناسەی بیناسازی کوردییە وەک نامیلکە لە وەزارەتی رۆشنبیری لە هەولێر بڵاوکرایەوە.

15. کۆریا پێناسەو مێژووی کۆریای باشوور، لە خانەی وەرگێڕان لە هەولێر 2007 بڵاوکرایەوە.

16. هولۆکۆست... کتێبێکە لەسەر قڕکردنی جوولەکە لە ئەوروپا، وەرگێڕان سەنتەری نما هەولێر 2007.

17. دوو پرێنسیسی نازداری بێناز، دیاناو ماساکۆ... هەولێر دەزگای ئاراس .2008

18. مارتن لۆسەر وەرگێران و ئامادەکردن، بەشێکە لە کتێبی ناتوندوتیژی 1 سەنتەری مەسەلە هەولێر 2008.

19. بەرەو کۆشکی ئالیزی ، شیراک، رویال، سارکۆزی ..و: خانەی وەرگێڕان سلێمانی 2008.

20. سێکس و پۆلیتیک، دیوێکە لە ژیانی دبلۆماتی فەرەنسای نوێ...و: دەزگای سەردەم 2008

21. تەها حوسێن، نابینایەکی بینا، وەرگێڕان و ئامادەکردن.. دۆسیەیەک لە گۆڤاری نما 2008

22ـ (955) دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس ... دیمانە، دەزگای نما 2008
23ـ دۆلار لە ئەمریکا، دوو بابەتی ئابووریيە ...و: دەزگای ئاراس2008
24ـ مەجبوور، سەربردەو ریپۆرتاژە... رۆشنبیری سلێمانی 2009
25ـ ترێنە خێراکەی خۆرهەڵات، لە ڤییەناوە بۆ ئەستنبۆل ....و: دەزگای موکریانی .2009
26ـ مۆساد وەرگێڕان .. بڵاوکراوەکانی ئاوێر هەولێر 2009
27ـ دانپێدانانەکانی حاجی پاولۆ بڵاوکراوەکانی ئاوێر هەولێر 2009

ئامادەی چاپە :

---

1ـ هەتان... چەند وتارێکە لەسەر بیناسازی کوردەواری، لە ساڵی 1988 ەوە ئامادەیە.
2ـ سیڤییەکان فۆرم 1 ئامادەکردن و وەرگێڕان 2002 تا 2009
3ـ سیڤییەکان فۆرم 2 ئامادەکردن و وەرگێڕان 2002 تا 2009
4ـجیهان لە دیدی کۆشنێر و: سوید 2009
5ـ برادەرە جوانەکە و: سوید 2009

6ـ پاوەری سەرۆکە نەخۆشەکان و: سوید 2009

7ـ کاکە ئەبو خەلیل ... بەسەرهات و گێڕانەوە .. سوید 2008

8_ دەسەڵاتی دوو ژن .. وەرگێڕان

9_تیرۆرە دیارەکانی مێژوو .. وەرگێڕان

10_ بەهەشتی زیندان... وتار و ریپۆرتاژە لە 1996ەوەو بەبەردەوامی دەینووسم، ئێستاش گۆشەی (بریڤ) لە چەندین گۆڤارو رۆژنامەو ماڵپەڕەکانا لە وڵات و دەرەوەی وڵات بڵاو دەکەمەوە.